# بير كردنەوە و ئازادیی

د. کەمال میراودەلی

## بە شی چوارەم

لای سۆکرات مەسەلەی مۆرالیتی لە بنچینە و پراوەدا مەسەلەی هەڵوێستی تاکە کەسە.. لای ئەو تاکەکەس بە بەدواکەوتنی ڕێوشوێنێکی مۆراڵی جیا لە مۆرالی دەسەڵات، دەشێ تەنیا ئازار بەخۆی بگەیەنێ نەك بەهەموو کۆمەڵ: یاسای ئاسمانیی ڕێ نادا کەسی چاك بەر پڕیشکی کەسی خراپ بکەوێ. سۆکرات هەرچەندە بێ دین و خراپ بێ ئەمە کار ناکاتە سەر خێزانەکەی یان دەوڵەت ئەگەر ئەوانیش هەمان گوناهییان نەبێ. لای سۆکرات بێدادیی یان نادادپەروەریی تایبەتکارێکی دووبەرەکی دروستکەرە لە گیانی مرۆڤدا و مرۆڤ لەت دەکا. سزادانی تاوانکار تا ئەو ڕاددەیە سوودی هەیە کە لە خراپترین ناپەسنی (Vice) کە نادادییە ڕزگاری بکات. دادپەروەریی خاسیەتێکی چاك و پیرۆزی ڕۆحە، گەر ئەو تایبەتمەندییە لە مرۆڤدا هەبوو ئەوا دادپەروەرانە دەجوڵێتەوە و ڕەفتار دەکات. لێرەشدا سۆکرات کۆزانەکان و ئەبستراکتەکان بە خاسێت و ڕەفتاری تاکە کەس خۆیەوە و بەدەرکەوتنی لە کردەوەیدا دەبەستێتەوە... بیرەکان، لە مەیدانی کردەوەی کۆمەڵایەتییدا، دروستی و چاکە و خراپەی تاکەکەسان، دەردەخەن. دەسەڵات و کۆمەڵ ناشێ پێناسەی خۆیان، پێشتر و لەسەرەوە، یان بە زەبری هێزی یاسا یان کۆنەواریی {تراديشن}، بسەپێنن. بۆیە پرسی (دادپەروەرییش) لە پرسی زانین جیاناکرێتەوە. کەسێ ناکرێ دادپەروەر بێ گەر زانینی مۆرالیی دەربارەی دادپەروەریی نەبێ. زانینی مۆرالیی بۆ مرۆڤ دەلوێنێ هەڵوێستی مۆرالیی ڕاست وەرگرێ و لە کردەوەدا بینوێنێ. بۆیە پرسی (داد)، وەك پرسێکی کەسی، وەك خاسێت و تایبەتکارێکی ڕۆحیی تاکەکەس، دەمێنێتەوە. لێرەوە ناکرێ لە تاکە کەسێکی خاوەن ویژدان و ڕۆحی دادخوازانە چاوەڕێ بکرێ دژی خولیا و حەزی ڕۆحی خۆی هەڵوێست وەرگرێ و ڕەفتار بکا، گەرچی کۆنەواریی (تراديشن) و یاسا و دەسەڵاتیش ئەمەی لێ بخوازن... گەر ئاوا ڕەفتار بکا ئەوا (نادادیی) لە ناو ڕۆحی خۆیدا دەڕوێنێ، ئەمەش گەورەترین بەدکاریی مرۆڤە. کە مرۆڤ عەقڵ و زانین و ویژدانی هەبوو و زانی کامە دادو ڕەوایە، ئەوا خۆی دەبێ بەدادوەر و پەرەپێدەری داد. هیچ یاسایەك و دەزگایەکی دەسەڵات ناتوانێ ئەم مافەی لێ بستێنێ. بەم پێیە سۆکرات دادخوازیی بۆ ئاستێکی ڕۆحیی و تەنانەت سەرووی سروشت بەرز دەکاتەوە. دادخوازیی هێزێکی سروشتی ڕاستکەرەوەیە کە هەم لە سروشت و گەردوون و هەم لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵدا لە کاردایە. بە

لێکدانەوەی دادخوازیی وەك هێزێکی گەردوونی رۆحیی کە سروشت و مرۆڤ پێکەوە دەبەستێتەوە و لە ڕێگەی زانین و کردەوەی هەر تاکە مرۆڤیک پێ دەگات، سۆکرات هەڕەشەیەکی گەورە بۆ دەسەڵاتی خواکان و یاسای سیاسییەکانی شار دروست دەکات... دینداریی، چاکەخوازیی، دادخوازیی: مەسەلەی باوەڕ نییە، مەسەلەی زانینە. باوەڕهێنانی کوێرانە بە کۆنەواریی و بیری کۆنە باو و یاسا نووس راوەکان، مرۆڤ ناکاتە کەسێکی دادپەروەر. داد دەبێ ببێتە تایبەتکاریی رۆحیی و کەسێتی تاکەکەس و بتوانێ بە سرۆش و هێزی رۆحیی ئەو تێگەیشتنە قووڵ و تاکە کەسییە لە داد و بێدادیی، هەڵوێستی تاکە کەسانەی خۆی دەربڕێ و ڕەفتار بکات. بۆ سەرنجدان و تێگەیشتنی ئەو میتۆدە فەلسەفییە دایەلۆگییەی سۆکرات کە بۆ شیکردنەوە و ئاخاوتن دەربارەی کۆزانەکانی پیرۆزیی (چاکەخوازی) و داد، بەکار هاتووە سەرنجێکی وردی دایەلۆگی (ئیۆثیفرۆ/ The Euthyphro) (پیرۆزیی) دەدەین.

دایەلۆگی (ئیۆثیفرۆ/The Euthyphro) (پیرۆزیی}.

کاتی ئەم دایەلۆگەی ئەفلاتوون، ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە سۆکرات لەلایەن (میلیتۆس/Meletus) لەو تۆمەتانەی دراونیە پاڵ ئاگادار دەکرێ تا ئەو کاتەی حوکمی مردنی بەسەردا دەدرێ و ژەهرخواردوو دەکرێ. دایەلۆگی ئیۆثیفرۆ سەرنجی هەڵوێست و پرسیارەکانی سۆکرات دەربارەی (دین) دەدات و لەگەڵ بیری فەندەمینتالیستی باودا کە ئیۆثیفرۆ نوێنەرایەتی دەکات، بەراوردی دەکات.. مەبەستی سەرەکی دایەلۆگەکە نیشاندانی دەوری گفتوگۆی عەقلانیی و کراوە و ئازادە لە دەرخستنی پرسە هزرییە ئاڵۆزەکانداو پاڵپشتکردنی ئازادی مرۆڤە کە لە ڕێگای بیرکردنەوە و قەناعەتی ئازادەوە بگاتە (بڕیاری) راست و هەڵوێستی دروست، نەك پشت بەستنی بە (باوەڕ)ی کوێرانەی پێشوەختی کۆنەواریی و دەسەڵات. گرنگیی فەلسەفیی ئەم تێکستە جەخت کردنی ئەفلاتون/ سۆکراتە لەسەر قورسایی پێناسەکردنی بیرۆکە و کۆزانەکان. پێناسە کردنی پەسن و نا پەسنی (فضیلة و رذیلة Virtue and vice)، پێناسەی چاکەخوازیی و دینداریی، پێناسەی داد، پێناسەی ئازایەتی، پێناسەی زانین...هتد. ناواخنی ئاخاوتنەکە لە پرسیارێکدا گەڵاڵە دەبێ داخۆ ئەو زاراوانە بیری ئەبستراکتن کە خۆیان لەخۆیاندا مانا و مەبەست و ئەرکیارییان هەیە، یان (زانین) ن، کە زانین بن دەبێ لە ئەزموون و کردەوەوە فێریان بین و دەکرێ ببن بە پێچزانێك_ دیسیپلینێك_ کە شایانی فێر کردن و لەسەر ڕاهێنان بن. ناوکەبیرێکی (تیمێکی) دایەلۆگەکە ئەوەیە کە (پەسنیی) (Virtue) زانینە. ئەوەش وەك بیروڕای سۆکرات خراوەتە ڕوو. وشەکانی زانین، تێگەیشتن و زانگە (ئیپستم) بۆ پێناسە کردنی بیرەکان، بە کار دەهێنرێن و ئاخاوتنیان لەسەر دەکرێ. بەجەخت کردن لەسەر پرۆسەی زانین و تێگەیشتن و میکانیزمی بەرهەمهێنانی زانین و زانیاریی، مەبەستی سەرەکی سۆکرات ئەوەیە کە هەموو لایەن و دووربەندییەکی پرسی (پەسنیی) یان هەر بیرێکی ئەبستراکت، بخەینە بەر هێزی لێکدانەوەی هۆشمەندیی و خۆمان بڕیاری چییەتی و سوود و گرنگی ئەو بیرانە بدەین. وەسف کردنی (پیرۆزیی) یان خودا پەرستی لە ئیۆثیفرۆدا وەك

بەشێك لە دادپەروەریی کە بە تەنگ پەیوەندی مرۆڤ بەخواکانەوە دێ، لەگەڵ سەرنجدانی (پیرۆزیی) وەک جۆرێك زانین یان تێگەیشتن و زانست، ناتەبا نییە. بەڵام نە سۆکرات نە ئەفلاتون ئەو بۆچوونەیان پەسەند نەدەکرد کە (پیرۆزیی) ئەو شتە یان شتانەن کە خواکان پێیان خۆشە و لایان پەسەندە. واتە هەرچی خواکان پێیان خۆش بێ ئەوە پیرۆز و دادپەروەر و سوود مەندە یان (فەزیلەت) (پەسنی)یە ئەوەی ئەوانیش بە گەنی نەکەن ناپەسنییە چونکە ئەمە وەك ئەوەیە کە دادپەروەریش وا پێناسە بکرێ کە برییتیە لەو شتە یان شتانەی فەرمانڕەوا دەسەڵاتدارەکان پێیان خۆشە و لایان پەسەندە. واتە ئەوەی دەسەڵات خواستی و لە بەرژەوەندی خۆیدا خستییە کار: ئەوە دادپەروەرییە، ئەوی ناحەز و دژ و هەڕەشە بێ لە دەسەڵات ئەوە ئاژاوە و تێکدان و دژی داد و بەرژەوەندی کۆمەڵە. بۆ ناساندنی چاکە و خراپە و داد و پیرۆزیی، پێویستە چ خواکان، چ مرۆڤ، لە پێشەوە بزانن و دڵنیا بن چ کارێك چاکە، خراپە، دادپەروەرە، پیرۆزە، ئەمجار وەك چاك و داد پێناس و پیرۆزیی بکەن. بە مانایەکی دی دەبێ پێوەر و ستاندارد بۆ چاکە و داد و پیرۆزیی هەبن و بەخواست و قسە و فەرمایشی خواکان و دەسەڵاتدارانەوە نەبەسترێنەوە و لەلایەن ئەوانەوە بەشێوەی ڕەمەکی بڕیاریان لەسەر نەدرێ. ئەمە ناوەڕۆکی میتۆدی فەلسەفی سۆکرات دەنوێنێ: میتۆدی گەڕان بەدوای زانینی زیاتر و قووڵتر تا بتوانین لە کێشەکانی ژیان و گەردوون تێبگەین و هۆشیارانە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکەین و ستانداردی مۆرالی بەرز لە قسە و بیر و کردەوەکانماندا ڕەچاو بکەین.

لەم بەشەی دێ، دەقی دایەلۆگی ئیوثیفرۆ لە ئینگلیزییەوە دەکەم بە کوردیی. ئەوسا تێکستەکە بە وردیی شرۆڤە دەکەم تا زیاتر و راستەوخۆتر شارەزای رەوشی دایەلۆگی فەلسەفی سۆکراتیی بن.